# ڕەشماڵ



ڕەشماڵی بیرۆکەکانم

بەیان فەرشی

بانەمەڕی 2706 کوردی

نووسەر لە چەند کورتە دێڕێکدا :

لە دایکبووی شاری بۆکانە.
وانە سەرەتاییەکانی شێعر و وێژەی کوردی لە خزمەت شاعیری بە ناوبانگ، مامۆستا حەقیقی دا فێر بووە. سروشتی موکریان و بەرهەمی گەورەمامۆستایانی وێژە و هونەری کوردستان بوونە هەوێنی هەستی و هانیان داوە بۆ نووسین.
لە سەرەتای لاویەتیدا بە نیازی خوێندن پەرەوازەی هەندەران بووە و بۆ چەند ساڵێک لە وڵاتی ئاڵمان گیرساوەتەوە و بۆتە خوێندکاری بایۆلۆژی و لە دواتر ژیان کێشاویەتی بۆ وڵاتی کانادا و ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.


| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | ڕەشماڵ |
| نووسەر | بەیان فەرشی |
| دیزاین | ئە. سەدری |
| ساڵی بڵاوکردنەوە | هاوینی 2006 |

## ناوەرۆک


ژیان چیە
ژیان لە بەردەوامبووندایە
خەیاڵێکی وەنەوشەیی
هەرێمی بوون
دووپاتبوونەوە
ئاوێنەکەم درزی داوە
ونبوون
بیرکردنەوە
بیرۆکە
کۆچ
خۆزگە
سنوور
تاڵ
پرسیار
بوونێکی کۆن
شەوەزەنگ
بیرەوەری
بەفر دەبارێ
شەو
سواڵی وشە
دیسان شەوێکە لەو شەوانە(1)
دیسان شەوێکە لەو شەوانە(2)
نامۆ
خۆم و خۆت
کڵۆڵ
لە دوورەوە
ئەویندار
وشەدان
خۆشەویستی
دیلی دەستی دیل
چارەنووس
بڕیار
نادیار
بڕیار وابێ
نهێنی
لە مێژە
شەختە لێی داوین
چیرۆک بۆ گەوران
نێچیرێکی ڕاوچی
دەردێکی بێدەنگ
کۆن
زێدە خۆشەویستەکەم

## ژیان چیە



ژیان چیە؟ خەرمانی وشە، خەزێنەی وشەی یەخسیری چوارچێوەی مانا کە تێگەیشتن لە مانابە هۆی هێرشی دژبەرەکان دژوار دەبێتەوە؟
ژیان چیە؟ وشەیەک بۆ ماناکردنەوە، ئاخۆ مانای ڕاستەقینەی لە سنووری وشەدا دەگونجێ؟
ژیان چیە؟ دەنگ و هەرای بیرەوەرییەکان کە لە هاتوچۆ دان و تەمەنی تێپەڕیوو لە لایان بە جێماوە؟
ژیان چیە؟ وشەیەک لە مانادا بێ سنوور، ئاوێتەیەک لە هاوماناکان و دژبەرەکان کە دژبەرەکان لە زۆرینەدان و بنچینەی بنەڕەتی فەلسەفەی ژیان پێک دێنن؟
ژیان چیە؟ ئاوێتەیەک لە قین و ئەوین یان قین بە زۆر لە دڵی مرۆڤەکاندا نیشتەجێ بووە؟
ژیان چیە؟ ئاوازی باڵندە کۆچەرەکان، قیرەقیرِی قەلە بێبەختەکان یان دەنگی شالوورەی[1] دڵ بە خوێن کە بۆ کۆچی ئەوینەکەی دەخوێنێ؟
ژیان چیە؟ ساتێ سەرخۆشی و ژیانپەرستی یان دڵ بە دڵدار ئەسپاردن و نوقمی دنیای جوانی بوون؟
ژیان چیە؟ تێپەڕبوونی بێبڕانەوەی کاتژمێرەکان، خۆرهەڵات و خۆرئاوا کە هۆی ئاوابوونی تەمەنن؟

---

[1]- شالوورە : بولبول

## ژیان لە بەردەوامبوون دایە

ژیان لە بەردەوامبووندایە، ئەگەر جاروباریش بوونی ئێمە چ شوێن پێی لەسەر چرکەساتەکانی ژیان جێ ناهێڵێ؛ ئەگەرچی جاروبار بوونمان وەکوو سێبەر، وەکوو تراویلکە وایە، ژیان لە بەردەوامبووندایە.
ئەگەر جاروباریش ویستەکانمان بە تامەزرۆیی دەمێننەوە و خۆزگەکانمان سنووری وەدیهاتن تێپەڕ ناکەن، ژیان لە بەردەوامبووندایە.
ئەگەر جاروبار، پشوو و هەناسە بەرگەی چاوەڕوانی ناگرن و نائومێدبوون لە ناو دەروون، دەشتی قاقڕ و کاکی بە کاکی دەخۆڵقێنێ، ژیان لە بەردەوام بوون دایە.
ئەگەرچی بێ ئەمەگ بوون هۆی بێ ئۆقرەیی دڵ و ڕووحە؛ ئەگەر قین و درۆ، داری ئەوین بێ بەر دەکەن،  ژیان لە بەردەوامبووندایە.
ئەگەر جاروبار جیاوازیەکان تابلۆ خوێناویەکانن دەخۆڵقێنن؛ ئەگەر بە دەگمەن تۆوی مرۆڤایەتی لە مێشکی مرۆڤ دا چەقەرە دەدا،  ژیان لە بەردەوامبووندایە.
ئەگەر ژیان و بوون بۆخچەیەکی نەکراوەن؛  ئەگەرچی ژین زەندەقی لە نەمان چووە، ژیان لە بەردەوامبووندایە.

## خەیاڵێکی وەنەوشەیی

دنیایەک تەژی لە ڕاستی، هاوڕەنگی و دڵپاکی، بیرۆکەیەکی دوور لە ڕاستییە کە بەرەو قووڵایی خەیاڵێکی قەت وەدینەهاتوو ڕامدەکێشێ. دنیایەک کە تەنیا و تەنیا لە دەلاقەی خەیاڵەوە بۆم هەیە سەیری بکەم. دنیایەکی دوور، دوور لە دەسەڵاتی مرۆڤ. لە مێژە خۆم لەم چەشنە بیرۆکانە پاراستووە و نوقمبوونم لە دنیایەکی ئەفسووناوی بۆ تیرێژی بیرەکانم یاساغ کردووە.

ئەم جار خۆم بە تەمام لە دنیای مرۆڤەکان دوور بکەومەوە. بڕیارم داوە بەرەو وڵاتێکی وەنەوشەیی کۆچ بکەم، وڵاتێکی وەنەوشەیی کە سنوورێک لە سەر ئەرز و ئاسمانەکەی بەدی نەکرێ . وڵاتێکی بێ خاوەن بێ، بێناو و نیشان، بەڵام تەنیا وەنەوشەیی بێ.

بڕیارم داوە بەرەو وڵاتێکی وەنەوشەیی کۆچ بکەم وماڵێکی وەنەوشەیی ساز کەم؛ بیری وەنەوشەیی بهۆنمەوە؛ ژیلەمۆی ئاواتەکانم بە کوڵەوەژێکی وەنەوشەیی تێک وەردەم و ئازاری ئاوازە وەنەوشەییەکانیشم لە گەرووی شمشاڵێکی وەنەوشەیی بتووڕێنم.

بڕیارێکە و خەیاڵێکە، کۆچێکی ئەفسووناوی بەرەو وڵاتێکی وەنەوشەیی. وڵاتێک کە کەس خاوەنی نیە و بێ ناونیشان. لەوێ نە کەسێک هەیە لێم بپرسێ لە کوێوە هاتووی، نە یاسایەک هەیە بوونم لێ بستێنێ و ناو و نیشانم بزر بکا، نە یاسایەک هەیە ژیان قوربانی نەزانی بکا و نە یاسایەک بە پێی ڕەنگ و جنس و ڕەگەز ژیانم لێ بستێنێ.

ئەم دنیایە بزر دەکەم و بەرەو دنیایەکی وەنەوشەیی باروبنە تێک دەنێم. بەرەو وڵاتێک، کە زارۆیەکانی نابنە قۆچی قوربانی ئەوینەکەیان و ئەوین سومبولی بێئابڕوویی نیە.

بەرەو وڵاتێک، کە قامووسەکەی نە فەرهەنگی داپڵۆسینی ژیانی تێدایە، نە داسەپاندنی نەریتە ناحەزەکان.

ئێوارەیەکی پڕ لە تارماییە و ڕێژنە بارانێکی نەرم ڕوومەتی ئەرز دەشواتەوە.

نووسراوەیەکی وەنەوشەییش بۆتە هەوێنی خەیاڵێکی وەنەوشەیی کە سەری لاسارم لە دەلاقەی دنیایەکی وەنەوشەیی دەکوتێ.

بڕیارم داوە کۆچێکی وەنەوشەیی بکەم بەرەو وڵاتێکی لە خەیاڵدا گونجاو، وڵاتێک کە ئازاری منداڵە بێ دایک و بابەکان ڕێژنەبارانی فرمێسک لە دنیای بیرەوەرییەکانیاندا جێ ناهێڵێ، وڵاتێک کە شەڕ و کوشتن و بڕین قەت نەبیسراون و ڕق و قین بە کۆچەریش ڕێیان بەوێ نەکەوتوە.

بڕیارێکە و کۆچێکی بێ وادە بەرەو وڵاتێکی وەنەوشەیی. ماڵێکی وەنەوشەیی ساز دەکەم؛ بە زمانی خۆم ڕستەی وەنەوشەیی دەهۆنمەوە؛ بە زمانی خۆم بەستەی وەنەوشەیی دەڵێم و لە پەڕتووکێکی وەنەوشەیی یاسای وەنەوشەیی دەخوێنمەوە.

## هەرێمی بوون

هەرێمێک بە ناوی بوون، شوێنێک کە بوون مانایەکی هەیە و هەرێمی بوونی منەکان پارێزراوە و هەموو شتێک ئەو جۆرەیە کە دەبیندرێ. ڕواڵەت و دەروون یەک ڕەنگ و یەک دەنگن. وشەکان هەر ئەو جۆرەن کە ماناکەیان خۆ دەنوێنێ و بایەخی من و تۆیەکان لە بەر بوونیانە نەک لە بەر ڕواڵەتیان. هەرێمێک بە ناوی بوون کە تۆیەکان ژێر دەستەی منەکان نین و تۆیەکان گاڵتەجاڕی منەکان نین و چارەنووسی تۆیەکان بە دەستی منەکان دیاری ناکرێ. هەرێمێک کە من و تۆیەک نابیسترێ و نرخی بوون بە پێی چۆنبوون دیاری دەکرێ نەک بە پێی من بوون و تۆ بوون.

هەرێمێک بە ناوی بوون کە ژیان باوەش بۆ ژیان دەکاتەوە و ڕێزی هەبوون دەگیرێ.

هەرێمێک کە ژینێک دیلی ژینەکانی تر نیە بە هۆی من نەبوونیەوە. هەرێمێک کە وشەی دیل، ژێردەستی، زۆڵم و زەلیلی لە وشەدانیان دا نیە و من و تۆیەکان لە کاکڵی ژین و هەبوون گەیشتوون. هەرێمێک کە لە هەموو شوێنێکی یەکسانی هاوار دەکا و ژێردەستی نامۆیە و وشەیەکی نەبیستراو.

خۆ ماندووکردن بە جوانییەکانی ژیان کە لە چاوی خەڵکانی بەختەوەرەوە دەیانبینین، خۆخافڵاندنە و خۆشاردنەوە لە ڕاستییەکانی ژیانی خۆمان؛ کاتێک ئێستا لە مانای بوون نەگەیشتووین و هێشتا تاریفێکمان بۆی نەنووسیوە و لە نووسینی یەکەم دێڕی کتێبی بوون دۆش داماوین، کاتێک منە دیلەکان خاوەنی بوونی تۆیە دیلەکانن و لەو پەڕی زەلیلی خۆیاندا فەرهەنگی زاڵمبوون لە دەرووندا پەروەردە دەکەن و هەبوونی تۆیەکان لە بوونی دیلییاندا ئامرازێکن بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونی زاڵمبوونیان، چ پێویست دەکا باس لەو جوانیانە بکەین کە لە هەرێمی بوونی من و تۆدا بوونیان نیە!

**دووپاتبوونەوە**

هەموو ڕۆژێ بە دەیان وشە لە هاتووچۆی بیرەکانمدا ون دەبن و قەت شوێنێک لە ناو ڕستەیەکدا نابیننەوە، ئەو وشانەی ڕەنگە مانایەکیان گۆڕیبا. وەکوو ئەو بە سەدان ئاوات و ئارەزووانەی هەموو ڕۆژێ لە ناو دڵی خاوەنەکانیاندا بە جوانەمەرگی سەر دەنێنەوە و لاپەڕەیەک و دوو لاپەڕە لە دەفتەری بیرەوەرییەکان ڕەش دەکەنەوە؛ وەکوو کچە نەخۆشەکەی هاوتەمەنم کە ئەگەر زیاتر ژیابا، چیرۆکێک لە چیرۆکەکانی ژیان زیاد دەبوو؛ وەکوو ئەو منداڵانەی ڕۆژێ بێ بەزەیی لە سووڕی دەوران بە تەنیا دەمێننەوە و قەت باوەشێکی بە بەزەیی نابیننەوە؛ وەکوو هەموو ئەو ژیانانەی قەت قەوارەی چیرۆکێکیان بە باڵا نابڕێ و بە بێناوی دەمێننەوە؛ وەکوو ئەو هەستانەی ڕۆژێ ورد و خاش دەکرێن و قەت خۆیان ناگرنەوە و لە نێو وتە و جووڵەدا نیشان نادرێن؛ وەکوو ئەو بە هەزاران مرۆڤەی ڕۆژێ دێنە دنیا و لە چوارچێوەی یاسا داڕێژراوەکاندا کایەی ژیان دەکەن و بیر و باوەڕ و ئاواتیان قەت لە چوارچێوەی یاسا داڕێژراوەکاندا جێیان نابێتەوە؛ وەکوو ئەو هەموو مرۆڤەی بە تەمای گۆڕینی نەگۆڕەکانن، بەڵام لە نێوان نەگۆڕەکان بە تاساوی دەمێننەوە؛ وەکوو هەموو ئەو شتانەی دەبوایە هەبان، بەڵام نین !

## ئاوێنەکەم درزی داوە

ئاوێنەکەم درزی داوە، زۆر لە مێژە ڕامگرتووە. بە درزەکانیشیەوە خۆشم دەوێ. ئەگەرچی کاتێ تێی دەڕوانم، ڕوخسارم دەکا بە چەند پارچەوە، بەڵام خۆم هەر لە نێو ئەودا دەناسمەوە.

هەموو جارێ هەوڵ دەدەم، دەم و چاوم لە پارچەیەکی دا کۆ بکەمەوە، بەڵام نابێت، یان چاوێکم دەکەوێتە پارچەکەی دی، یان دەمم دەکەوێتە ئەو بەری سنووری درزەکەی دی. لە نێو درزەکانیشیدا چاک خۆمی تێدا بەدی دەکەم .

ئاوێنەکەم درزی داوە، لە سنووری هەر درزێکەوە تێدەپەڕم خۆم بە جۆرێکی دیکە دەبینم، جارجار چاوێکم هەیە، جارجار دەمم نیە، جار ...

درزەکانیشیم خۆش دەوێن ...

نازانم کەی بوو، هەر ئەو ڕۆژەی کە زانیم کێم، ئاوێنەکەم درزی دابوو. درزەکانی چاک نابنەوە، نە ئەرزێکی قەڵەشیوە ئاودێری بکەم خۆی بگرێتەوە، نە کراسێکی دڕاوە بدووردرێتەوە. ئاوێنەکەم درزی داوە، نە دەتوانم ئاوی دەم و نە دەتوانم بیدورمەوە.

ئاوێنەکەم درزی داوە، زۆر لە مێژە ڕامگرتوە ...

**ونبوون**

ون بووین و نابیندرێینەوە، ون بووین و لە خەیاڵەکان شۆراوینەوە، نە لە کۆتایی ڕۆژدا شوێنپێ جێ دەهێڵین و نە لە کۆتایی شەودا یادمان لێ دەکرێتەوە. ون بووین، وەک تراویلکەش نین لە دوورەوە شێوەمان بکرێ؛ وەک ئەستێرەش نین جاروبار لەژێر هەورێکی چڵکندا شاردرابێینەوە؛ سەوزە گیاش نین، کەرەسیسیە داپۆشیبێین. ون بووین، وشەیەکی بە هەڵە نووسراویش نین، ڕاست بکرێینەوە.
هەین؟ هەبووین؟ یان هەر نەبووین؟ لە کۆڵانەکانی ژیندا ژینێک نیە! وشەی درۆ لە هەموو شوێنێک نووسراوە؛ تاریفی درۆ، ناوی درۆ، بوونی هەڵخەڵەتێنەر. بوونمان بە درۆ تاریف کراوە، درۆیەکی شیرین کە بۆنی خوێنی لێ دێ، درۆیەکی جوان کە بە مەرگ ڕازاوەتەوە. لە کۆتایی شەودا دەستملانی درۆ دەبینەوە و خەونی ونبوونمان دەبینین. سەرەتای ڕۆژ، سەرەتایەکی بێ ئامانج، سەرەتایەک کە لە کۆتایی شەوێکی ڕەشدا بزر دەبێ، سەرەتایەک کە تەنانەت دەست پێ ناکا.
ئەگەر بووین بە هەڵە بووین، هەڵەیەک کە دەبێ حەشار بدرێ، بسڕدرێتەوە، بزر بکرێ! ون دەبین لە سێبەری خۆماندا. حەشار دەدرێین لە نێو جەستەی خۆماندا. بزر دەبین لە نێو وشە و ڕستەدا. نابیندرێین، سێبەرێک هەین و نین! نابیسترێین، دەنگێک هەین و نین! ناخوێندرێینەوە، ڕستەیەک هەین و نین! نانووسرێینەوە، وشەیەک هەین و نین! نامێنینەوە!

**بیرکردنەوە**

ڕەنگە ئێستا سەرەتای ژیانێکێ نوێ بێ، لە دایکبوونی کۆرپەیەک لە سەر ئاخێکی بێ ولات؛ لە دایکبوونی ژیانێک کە لەسەر هەموو خاکێک و لەژێر هەموو ئاسمانێک نامۆیە!

ڕەنگە ئێستا دیسان کاتی لەدایکبوونی کۆرپەیەک بێ کە قەت چاوەڕوانی ژیان نەبووە، کۆرپەیەک کە لەگەڵ ژیان نامۆیە و ئەویش بۆ ژیان نامۆ؛ نامۆیەکی نوێ کە دەبێ لەگەڵ نامۆبوونێکی هەرمان دەستەویەخە بێ. کۆرپەیەکی نازدار کە دەبێ ڕووبەڕووی دلڕەقیەکان بێتەوە و دەبێ تەیار بکرێ لە دنیایەکی ڕەش و سپیدا بژی!

ڕەنگە ئێستا یەکەم چرکەکانی ژیانێکی نوێ بێ لە هەرێمێک بە ناوی بوون، لە هەرێمێک کە ژیان باوەش بۆ ژیان دەکاتەوە. یان ڕەنگە ئێستا دوایین ساتەکانی ژینێکی تەماوی بێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کات و ساتێکی وەها دا نامۆیی ژیان زەردەخەنەیەکی تاڵی خستبووە سەر لێوان.

## بیرۆکە

بە درێژایی تەمەن، چرکە بە چرکە، عەودالّی تێگەیشتنی ئەم دنیایەین، کە ژیان تێیدا هاتوچۆ دەکا و تەمەن پێیدا تێدەپەڕێ؛ سۆراخی تێگەیشتنی ئەو مانایانە دەکەین کە ژیان تاریف دەکەن و راستیی ماناکان بە دەستەوە دەدەن، ئەو ڕاستییەی بە هەموو پێوانەیەک دەپێورێ و دەگۆڕدرێ. دەستکەوتی تەمەنی هەڵوەریویش، لەم نێوانەدا، ڕیزێک مانا و ڕیزێک ڕاستیی وان، کە گاڵتە بە ماناکانی ژیانی من و تۆ دەکەن ...

**کۆچ**

کۆچێک دەکەم بەرەو دنیای وشە، گوێم شل دەکەم بۆ " ناڵەی جودایی"ی هێمن؛ دەنگی شمشاڵەکەی "دەروێش عەبدوڵا" ی گۆران بەرەو خەیاڵێکی قووڵ دەمڕفێنێ. ڕەوتی خەیاڵم لە نێو پەخشانەکانی سوارەدا ون دەکەم. وەکوو تامەزرۆیەکی بێدەرەتان، " قەڵای ئەوین" ی ژیلا دەکەمە ژوانگەی حەسانەوەم، " ئاواز"ەکەی جەلال مەلەکشاش بیری ماندووم لە پەنا قامیشەڵانێک دەگیرسێنێتەوە. دنیای وشە و مانا، دنیایەکی بێ وێنەیە، منیش تامەزرۆیەکی دڵدۆڕاو!

## خۆزگە

ئەگەر باڵی فڕینم هەبوایە، وەکوو تەوارێکی بەرزەفڕ لە شەقەی باڵم دەدا و لەگەڵ شەماڵ دەستەملان دەبووم و هەناسەی ئازادبوونم هەڵدەکێشا. ئازادبوون لە داوی مرۆڤێک کە بە شوێن ئازادیدا وێڵە؛ ئازادبوون لە دەستی مرۆڤ کە ئازادی بە دیل گرتووە؛ ئازادبوون لە مرۆڤبوون ...

## سنوور

کاتێک لە هەرێمی خۆشەویستی سنوور دیاری دەکرێ و لە دەروونی مرۆیەکان دانە دانە بۆ هەر شتێک سنوورەکان دەناسێندرێن و بیر و هزرەکان وشک دەکرێن، ئەو کات خۆشەویستی و جوانی لەناو تاسەی خۆزیای بیرمدا وەک سێبەرێک لە وڵاتە ڕەشپۆشەکەی دەروونڈا بە شوێن باڵای بێناو و نیشانی شای جووانی نەونەمامانڈا دەگەڕێ.

## تاڵ

ئەگەر زەمانێک دەگوترا ئەسکەندەر شاخی هەیە، ئەمڕۆ ئەسکەندەر خۆی هەبوونی شاخەکانی لە قاو دەدات. نهێنیە ڕەشەکانی دۆینێ، ئەمڕۆ بە ئاشکرا دێن و دەڕۆن، درۆکان کایەی ڕاستی دەکەن، شاراوەکان مەترسی خۆئاشکراکردنیان نیە و بێشاخەکانیش بۆ شاخدارەکان کڕنۆش دەبەن.

**پرسیار**

لە بێسنووریی ماناکاندا، باوەڕەکان هێرشیان لێ دەکرێ. باوەڕەکان بێوچان وشەکان بە یەخسیر دەگرن، بەڵام بێمانایی وشەکان، باوەڕەکان بنکۆڵ دەکەن.

بوونێکی کۆن

زەمانێکی کورت لەو کاتانەی بیرەکانم لە هاتووچۆی بێبڕانەوەیان دا خۆیان لە لەبیرچوونەوە دەپاراست، دوودڵیەکان سێبەریان دەکرد، زەمانێکی کورت کە قەت کۆتایی پێ نایەت! زەمانێکی کورتی پڕ لە دژواری، زەمانێکی کورت کە چیرۆکە بێکۆتاییەکان بە بێدەنگی دەسپێرێ، بێدەنگیەک کە زەمانێکی درێژی خاپوور کردوە، درێژاییەک کە زەمان لە هەژماری ڕۆژ و ساڵی ئەودا چەند کاتژمێر پتر کۆن نەبوە!

## شەوەزەنگ

شەوەزەنگە، دنیا چۆڵ و بێدەنگ، تاریکی کەوتۆتە سەما و ڕەشی دەدرەوشێتەوە. ڕووناکی یاخی بوە، هەواری جێهێشتوە و وێڵی شوێن پێی کۆنەهەواری بەختەوەرانە.
ڕق و قین لە بەر گرشەی شەوەزەنگ ئاپۆرەیان داوە، بەزەیی و خۆشەویستی پەرەوازە بوون و لە وڵاتی دڵڕەقان بڕستیان لێبڕاوە.
ئێرە سەهۆڵبەندانی شەوەزەنگە، ئەوین و بەزەیی بوونیان لێرە یاساغە، لەشکری ڕق هەرەسی پێهێناون و بەرەو نەمان ڕاوەدوویان ناون. مەزنی لە بۆ نەمرانە. ئەوین و ڕاستی لێرە بڕەویان نیە، دڵەکان ڕەش هەڵگەڕاون، چاوەکان بێسوێن، ڕاستی شەقار شەقار بوە و بەزەیی لە سێدارە دراوە. ئێرە سەهۆڵبەندانی شەوەزەنگە، تاریکی هاتۆتە سەما، ڕووناکی هەرەسی هێناوە ...

**بیرەوەری**

زەمانێک سەر کێوەکەی باخی قشلاق، جێی ژوانی من و ئاسمان و شنەی با بوو. تا چاو بڕیدەکرد گەنمە زەردەی پێش خەرمان بوو ، تا چاو بڕیدەکرد ئاسمانی شینی بێگەرد، شنەی با بوو و سەمای لاسکە گەنمەکان. ئەو هەموو جوانیە دڵمی ڕادەتڵەکاند و چۆکی پێدادەدام. منیش یەکێ لەو لاسکە گەنمانە بووم، شنەی با ڕایدەژاندم. خۆزگە منیش لاسکە گەنمێک دەبووم!

## بەفر دەبارێ

بەفر دەبارێ! بەفرێکی نەرم. پاییز باروبنەی لێ پێچراوەتەوە. شەڕی پاییز و زستانە، شەڕی سروشت، بەڵام ئیدی ڕەنگێک لە پاییز نابیندرێ، هەموو دنیا هەر سپی‌یە، سپی سپی .

بەفر دەبارێ! بەفرێکی نەرم. کلوی بەفر بە ئەسپایی، دوو دوو و سێ سێ دێنە خوارێ و بەرەو ئەرز سووڕدەخۆنەوە. بەفریکی زۆر لە تاریکی شەودا لە تاقی ئاسمانەوە بەرەو ئەرز شاڵاو دێنن و ڕەشایی شەو دەترسێنن. دیمەنێکی بێوێنەیە، سەمای کلوە بەفرەکانە لە بێدەنگیەکی نەرمدا. مۆسیقایەکی بێدەنگە، نەرمی خشپەی پێی کلوە بەفرەکانە کە لە کاتی گەیشتندا فرمێسک دەڕێژن.

بەفر دەبارێ ! کلوی بەفر دوو دوو و سێ سێ بەرەو ئەرز سووڕدەخۆنەوە، هێندێک بە تەنێ ڕێ دەپێون، هێندێکیان دوو دوو و لەگەڵ یەک، هێندێکیان پاڵەپەستۆی ئەوانیتر دەدەن و ڕێ بۆ خۆیان خۆش دەکەن. سەیرێکی سەیرە، ئێمەش وەکوو ئەو کلو بەفرانە واین، هەندێک جار بەتەنێ و هەندێک جار پێکەوە ڕێگە دەبڕین، هەندێک جاریش یەکتر لە نیوەی ڕێ جێدەهێڵین. سروشت و مرۆڤ، دوو سەیری سەیر!

بەفر دەبارێ !جوانیەکی سەرسووڕهێنەر سروشتی ڕازاندۆتەوە و باڵندەکان گۆرانی بەفر دەخوێنن. بەفر دەبارێ !

**وردبوونەوە**

جاری وایە کەوتنە خواری گەڵای دارێکیش هەست بزوێنە بە تایبەت ئەگەر لە هاویندا بێ. وەکوو دوورکەوتنەوەیەکی ناوەخت دەچێ، وەکوو لە دڵ وەستانێکی کوتوپڕ، وەکوو لێکدابڕانێکی هەتاهەتایی، وەکوو ڕویشتنێکی بە بێ هۆ. ئەورۆ گەڵایەکم بینی لە لاسکی دارێک بۆوە و بە سەماکردن و بە سووڕانەوە بەدەور خۆیدا کەوتە سەرئەرز. وەکوو ئەوە دەچوو شایی ڕۆیشتنی بێ، خۆشی جیابوونەوە یان دوایین سەمای ژیانی بگێڕێ.

## شەو

دیسان چاوم پڕبووە لە شەو و بە درێژایی ئەم شەوگارە دەبێ چاوەڕوان بم، ئەستێرە چرایان بکوژێتەوە و ڕۆژ تارای سپی بەسەر دنیادا بکێشێ. هەمیشە پێم وابووە، شەو لە ڕۆژ درێژترە و تێپەڕبوونی ئەستەمتر. ئەگەر بە درێژایی چەند لاپەڕەش گەلاڵەی بۆ داڕێژی، ئێستاش پڕنابێتەوە. ئەگەرچی بۆ بەخشینی کات و زەمان دنیایەکی دڵئاوایە، بەڵام ڕەش داهەڵگەڕاوە. هەر شەوێک بە قەد ساڵێک درێژە، بەڵام ئەو شەوانەی بە دڵە خورپە و بۆشایی پڕدەبنەوە، درێژاییان لە سەدەش تێدەپەڕێ.

وەبیرم دێ ئەو شەوانەی بە درێژایی شەوگار چاوم لە ئاسمان دەبڕی و شەو تەواو نەدەبوو و دنیا هەر دەهات و ڕەشتر دەبوو. دەمگوت بەشکم لە سووچێکەوە چاوی بە منی چاوەڕوان بکەوێت و گورج و خێراتر تێپەڕێ. یان ئەو کاتانەی بە درێژایی شەو بست بە بستی دیوەکەم بە هەنگاوەکانم دەپێوا و شەو هەروا چاوی تێدەبڕیم. زۆر کاتیش بوو بەدڵ چاوەڕوانی شەوم دەکرد، چون هەر لە باوەشی ڕەشی ئەودا دەمتوانی خۆم و خەونەکانم بشارمەوە.

زۆر سەیرە، هەندێ بیرەوەری چکۆلە هەن کە شوێنێکی گەورە بە درێژایی چەند شەو و ڕۆژیان لە مێشکدا گرتۆتەوە و زەمانێکی درێژ لە مەودایەکی کورت لە مێژووی بیرەوەرییەکاندا جێدەهێڵن.

لێرە، شەوەکان حەپەساون و ڕۆژەکان حەپەساوتر، ڕۆژ هەر داچڵەکانی بێدەنگیەکانە لە نێو بێدەنگی ئەم خەڵکەدا. شەویش دڵەخۆرپەی ئەو بێدەنگیە ڕەشە قووڵەیە کە وێدەچێ تا ئەوبەری ئاوەکان و کێوەکانیشی داگیرکردبێ و منیشی چاوەڕوانی ئەو شەو و ڕۆژە پڕلە چاوەڕوانیانەی دیکە هێشتۆتەوە کە نە بە بژاردنی ئەستێرە کۆتایی پێ دێت و نە بە ئاوڕدانەوەی بست بە بست لە ڕەشماڵی بیرەوەرییەکانم.

## سواڵی وشه

ئەمشەو دەمویست خێڵی وشە تالان بکەم، بەلام نە تالانگەرم و نە چەتە و ڕێگر. هەر بۆیە گوتم ببن بە میوانی ڕەشماڵەکەم، بەڵکو دیاریم بۆ بهێنن، چەند ڕستەیەک، هەنبانەیەک وشەی نامۆ لەگەڵ هەستی نامۆم ئاشنابن. چون پێم خۆش بوو شتێکت بۆ بنووسم، وەکوو هیچ نووسراوەیەک نەبێ. بەستەیەک بێ، گۆرانی بێ یان پەخشانێک. هۆنراوەیەک، ناڵەی تێکەڵ ناڵەی شمشاڵەکەی "دەروێش عەبدوڵا" بکات و " ئەوین وخەم" بڵێنەوە. پێم خۆشە وشەکان هەستم لە باوەش بگرن و تاسە و سۆزی خۆزگەکانم لە گوێی قامیشەلانێک بچرپێنن و خۆشەویستی لەو ناوەش بەجێهێڵن.
ئەمشەو دیسان ڕەشماڵێکم لەناو دڵم هەڵداوە و بە هەستی خۆشەویستی تۆ ئاوەدانم کردۆتەوە و خێڵی وشەم میوانە. لە هەموو شەوان زیاتر داماوم بۆ وشەیەک، وشەیەک میوانی هەستی دڵی کەس نەبووبێ، لە پەنجەرەی ژووری تەنیایی کەسی نەکوتابێ، وەکوو ئەسرین گۆنای هەموو کەسی ماچ نەکردبێ، وەک ئەستێرە چاوی لە هەر کەسێ دانەگرتبێ، وشەیەک بێ هەر بۆ من بێ و هەستم لە باوەش بگرێ و هەستی ئەتۆ ببزوێنێ.
ئەمشەو خێڵی وشەم میوانە و سواڵی وشە دەکەم. دەڵێن بە تاقە گوڵێک بەهار نایە، بەلام دڵی من تاقە گوڵێکی بەس بوو بۆ تێپەڕبوونی خەزانی تەنیایی. تۆ بووی بە تاقە گوڵی شارە خەزان لێکەوتووەکەی دڵم. زۆرم بیرکردەوە، دەبێ چیرۆکی شاری دڵم چۆن و چلۆن، لە کوێ و بۆ کێ باس بکەم، کێ بێ بەهاوڕازی بیرەوەرییەکانی ئەم شارە! ئەتۆ هاتی و بەهارت هێنا بۆ ئەم ناوە و بووی بە خەمڕەوێنی شەو و ڕۆژەکانی بەهارەکەشم. ئەمشەو نە بیرەوەرییەکان بە سەر دەکەمەوە و نە چیرۆکان دەگێڕمەوە. ئەمشەو پێم خۆشە شاری دڵت بە سەرکەمەوە، دەمەوێ شتێکت بۆ بنووسم، قەت نەنووسرابێ.
ئەمشەو من و ڕەشماڵەکەم میوانداری خێڵی وشەین. پێم وابوو بە وشە و ڕستە خەلاتم کەن، بەلام لە هەموو جارێ داماوترم، سواڵی وشە دەکەم.

ئەوین و خەم: هۆنراوەیەکی جەلال مەلەکشا

## دیسان شەوێکە لەو شەوانە (1)

دیسان شەوێکە لەو شەوانەی وشە لە چوارچێوەی خۆیدا جێی نابێتەوە و سنووری مانا دەبەزێنێ و بۆ تاریفی جوانیی چوارچێوەکان دەڕووخێنێ و بوونی تراویلکەیی جوانیی دەسڕێتەوە و لە پاشان بە پێنووسێکی سەرشێت لەسەر لەتە کاغەزێک دەکێشرێتەوە و نووسراوەیەکی کەموێنە دەخۆڵقێندرێ.
دیسان شەوێکە لەو شەوانەی دەمەوێ کات بوەستێ و هەست و بیرەکانی ئەم کات و ساتەم نەچنە بۆخچەی بیرەوەریەکانەوە و بۆ ماوەیەکی درێژتر هاوڕازم بن.
دیسان شەوێکە لەو شەوانەی چارەنووس لەپشت شووشەی پەنجەرە گاڵەدراوەکەمەوە لێم دەڕوانێ و سەیری دەربازبوونی ڕووداوەکانی ژیانم دەکا و بە چاوە زەقەکانیەوە لێم زیت دەبێتەوە و لە کونجی بێدەسەڵاتی خۆیدا هەڵدەکورمێ.
دیسان شەوێکە لەو شەوانەی پێنووسێکی یاخی دەبێتە هۆی درکاندنی هەندێ ڕاستی نەگوتراوە کە لە کتێبی یاخیەکاندا تۆمار دەکرێ و تا شەوێکی تر لەم شەوانە لاک و مۆری بێدەنگی دەکرێ.
دیسان و دیسان شەوەکان دێن و دەڕۆن و پێنووسێکی سەرشێت وشە یاخیەکان دەنووسێتەوە و بە شەوەزەنگی دەسپێرێ.

## دیسان شەوێکە لەو شەوانە (2)

دیسان شەوێکە لەو شەوانەی تاریکی شەو بە ئەسپایی خۆی خزاندۆتە ژوورەکەم و لە بەر گرشەی چرا بێنوورەکەم گڕمۆڵە بوە. بە پێچەوانەی هەموو شەوان، شەوێکی خەفەتهێنەر نیە، ئارامیەکی تەواو هەموو سووچێکی ژوورەکەمی داگرتوە. دەڵێی ئەمشەو، شەوێکی ترە؛ شەوێکی تازە لەدایکبوو کە دەیەوێ وشەی تاریکی بە جۆرێکی تر مانابکەمەوە و لە هەنبانەی وشەکانمدا تاریفێکی نوێی بۆ بنووسمەوە!

هەر شەوێکی وەکوو ئەم شەو بوو بە توندی بە گوێیدا دەچرپاندم، ژیان و بوونەکەی و هۆی بوونەکەی سەر لە نوێ بۆخۆم تاریف بکەمەوە، بە چاوی خۆم لە دنیا بڕوانم و لاپەڕەکانی تەمەنم بە بیر و تێگەیشتنی خۆم پڕبکەمەوە.

هەر شەوێکی وەکوو ئەمشەو بوو کە خۆم لە نێوان سێبەرەکان و بۆشاییەکاندا بینییەوە و بوونی خۆم هەست پێکرد و سەر لە نوێ لەدایکبوومەوە.

هەر شەوێکی وەکوو ئەمشەو بوو هێدی و هێمن خۆم و ئەوانم بەسەر کردەوە و تێنووسێکی نوێ و پێنووسێکی نوێم بۆ تۆمارکردنی داهاتوویەکی نوێ لە ڕۆژەکانی داهاتووی تەمەنم تەرخان کرد.

ڕەنگە هەر شەوێکی وەک ئەمشەویش بووبێت کاتێک فێربووم بۆ یەکەم جار چوارچێوەی دەوری وێنەکانی ناومێشکم بشکێنم و بە بێ چوارچێوە بە تاقی بیرەکانمەوە هەڵیانواسم.

هەر شەوێکی وەکوو ئەمشەویش بوو بە دەنگە ناسکە منداڵانەکەی بە ئەسپایی پرسی: " دادە ئەگەر بڕۆی زوو دێیەوە؟" هەر ئەودەمیش بوو کە بۆ یەکەم جار هەستم بە دووریەکی بێسنوور کرد لە دڵی شەوێکی ئەنگوستەچاودا. هەر ئەودەمیش بوو بۆ یەکەم جار هەستم بە خۆشەویستییەکی بێسنوور کرد کە لە دڵی بەسۆزی منداڵێکەوە سەرچاوەی گرت و لە نەرمی شەوگارێکی درێژدا لە باوەشی گرتم.

ئەم شەوانە زۆر دێن و دەڕۆن و ڕەنگە لەنێو دەفتەری بیرەوەرییەکانمدا ڕەش ببنەوە، بەڵام بوونەکەیان بۆ هەمیشە لەسەر بیرەکانم شوێنپێ جێدەهێڵن.

**نامۆ**

بێدەنگیەک خۆم و بیرەکانمی داگیرکردوە، بێدەنگیەکی نامۆ کە خۆی لە پاڵ تەنیاییدا حەشار داوە و لە بەر بێکەسی تەنیایی، ولاٚتی لەخۆی پڕکردوە و بۆتە خەمڕەوێنی تەنیایی و لە پەنا یەکتر ئۆقرەیان گرتوە. لەبەر ئەو بێدەنگیە قورسە ڕادەکەم.
لاپەڕەیەکی سپی بیرەکانم لە باوەش دەگرێ، وشە و ڕستە دەنگیان بەرزدەبێتەوە.
بێدەنگیەکە تێکدەشکێ و تەنیایی لە سووچێکی ژوورەکەم هەڵدەکورمێ.
تەنیاییە هەڵکورماوەکەی سووچی ژوورەکەم، ساڵانێکی زۆرە دەیەوێ لە سنووری خۆمبوون دوورم بکاتەوە و لە ولاٚتی لەبیرچوان سەقامگیرم بکات، لەگەڵ خۆمبوونی خۆم نامۆم بکات و سکاڵای بوونم بخنکێنێ. ئەوە ئێستاش لەم گۆشەیە دۆش داماوە و زەندەقی لە من چوە، لەم ژوورە کە پڕە لە من. زۆر جاران دەیدوێنم و پڕی دەکەم لە خۆم، بەلاٚم ئەو کاتانەی لەبیری دەکەم، پڕدەبێتەوە لە خۆی و چاوەڕوانی من دەمینێتەوە.

## خۆم و خۆت

خۆم دەخوێنمەوە، کتێبێکی تەسکی کۆنی تۆزگرتوو کە زۆربەی لاپەڕەکانی ڕەش نەبوونەتەوە، زۆر وشەی بە هەڵە تێدانووسراوە و زۆر وشەی بە هەڵە ماناکراوەتەوە. لە هەندێک شوێن ڕستەکان لێک داپچڕاون و هەندێ وشەش ڕەش کراونەتەوە. لە پێش زۆربەی ماناکان نیشانەیەکی پرسیار داندراوە! لاپەڕەکان هەڵدەدەمەوە، هەندێکیان دڕاون، هەندێکیان گنج بوون. ئەو لاپەڕانەی بە نیشانەی پرسیار پڕبوونەتەوە لە هەموو گنجترن! خۆم دەخوێنمەوە، نووسراومەتەوە، تاریف کراوم، بەڵام خۆم، خۆم پشکنیوە؛ خۆم، خۆم بینیوەتەوە. کتێبەکە لە سەرەتاوە دەستپێناکا، کۆتاییەکەشی هیچ دیارنیە. خۆم دەنووسمەوە، هەڵەکان ڕاستدەکەمەوە و پرسیارەکان لە شوێنی خۆی دەهێڵمەوە!

تۆ دەخوێنمەوە، کتێبێکی ئەستووری شەق! تۆش وەکوو من زۆر لاپەڕەت سپی ماون. هەموو شتێک بە گەورە نووسراوە، نیشانەی پرسیار لێرە و لەوێ دەبیندرێن. هەموو شتێک بە گەورە نووسراوە، نیشانەکانی پرسیار نەبێ! پرسیارەکانت گەورە نین، ماناکان بۆ تۆ لێکدراونەتەوە، لە هیچ شوێنێک ڕەش نەکراونەتەوە! ڕستەکان دوابەدوای یەک ڕیزکراون، لێکدابڕانیان نیە! لاپەڕەکان نە کۆن بوون و نە گنج و نە دڕاون! تۆ دەخوێنمەوە، خۆت نووسیوە، خۆت ناسیوە. هەڵەکان تاک و تەرا لەم سووچ و لەو سووچ بەرچاو دێن !
خۆمان دەخوێنمەوە، دوو کتێبی ناتەواوی پڕ لە پرسیار، دوو کتێبی وەکوو زۆربەی کتێبەکان.

## کڵۆڵ

ئێستا باش دەزانم کە پێنووس و تێنووس ناتوانن کوڵی دەروونی کڵۆڵی ئەویندار دامرکێنن. وشەکان هێندە قورس و گرانن، لە دڵی هەناسەساردی جوێنابنەوە و لەگەڵ ئاخی ناخی دڵ ڕاهاتوونە. بۆ زامە سارێژ نەبووەکەی ئەو، دووری ئازیز شیری حەوسەرە کە سات بە سات ڕۆحی ئەنجن ئەنجن دەکات. ئەویینداری ماڵ کاول دەستەملانی پاییزی هەناسەساردی، ڕەنگ زەردهەڵگەڕاوە. پێنووس لە دەستمدا بێتوانایە، وشەکان جێژوان جێناهێڵن تاکوو ڕەنگێک بە بێڕەنگی تێنووس بدەن، بیرەکان مەند و لە زەریای هەستدا تینوویەتی دەشکێنن. لە بۆ بابردەڵەی ژیان بە پاپۆرێکی شکاو و بە دوورایی زەمان بۆ لای ئازیزچوون مەترسی نیە، لە بۆ گەیشتن بە دڵی ڕفێندراوی ئاوێتەی شەپۆلی مردنبوون، جێژوانە.

**لە دوورەوە**

لە دوورەوە دێتە گوێ ئاوازێکی هەرەکۆن بەڵام ئاشنا،  ئاوازێک کە لە دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتوە و لە دەشتی کاکی بە کاکی تەنیایی دا خولدەخواتەوە و بەرەو قامیشەڵان، جێژوانی مۆسیقاکان ڕادەکا و بە هەوایەکی نامۆوە هەواڵی ناسینەوەی دوو مرۆڤ لە گەرووی قامیشەڵان دەتووڕێنێ.
دوو غەریبی نامۆ لەگەڵ یەک کە پێنووسەکانیان گۆرانیەک دەنووسن و گۆرانیەکانیان بە ئاوازێک دەچڕن،  قسەکانیان بۆ یەک ئاشنا، بەڵام خۆیان لەگەڵ یەک نامۆ!
قامیشەڵان ئورکێستی بێوێنەی دەنگکپکراو زەمانێکی دوور و درێژە گۆرانیە ونبوەکان بە دەم با دەسپێرێ،  بەڵام با-ش ئێستا بە ئەسپایی دێت و دەڕوا تا گێژەڵووکەی دەشتی تەنیایی ئاوازی خۆزگەی مرۆڤ نەناسێتەوە و بە دەم گەردەلوولی ڕەشی نەسپێرێ.

## ئەویندار

روحێکی نامۆ و جەستەیەکی غەریبم لە نێوان هەموو مرۆڤە نامۆکاندا. لەم وڵاتە غەریبە بە شوێن نیگای هێمنی چاوەکانی تۆ دام. نازانم هەوارەکەت بۆ چی وازوو باردەکات، ڕەشماڵی چاوەکانت یادی سیروان و هەورامانم دەخاتەوە بیر، بۆنی بای شەماڵی قەندیل لەگەڵ خۆت دێنی. ئەم جار کە هەوارەکەت لەو لایانە باریکرد بە شوێن ڕەشماڵێکی وەکوو ڕەشی چاوەکانت دا بگەڕێ، ئەگەر هاتوو کۆچی کردبوو، بزانە کە دووری هەوارەکەی تۆ و نامۆیی هەوارەکانی تر باریان پێکردوە.

## وشەدان

ژیان، ژین و مانەوە
دڵەخورپە و چاوەڕوانی.
ئامانج، مرۆڤ، دەنگدانەوە
چارەنووس، بەختەوەری و خەمخواردنەوە.
جەستە و دەنگ و ڕەنگ
دنیا، دەسهەڵات، چەوسانەوە.
هەموو جارێ وشەکانی وشەدان دەخوێنمەوە
ئەوین و مرۆڤ تاریفێکیان لە بۆ نیە،
وڵامی من پرسیارێکە
هێندەی دیکە سەرسووڕهێنەر!

## خۆشەویستی

من خۆشەویستی لە سۆزی دەنگەکانەوە فێر بووم،
لە ڕوانینە جوانەکان،
لە دەستی ماندوونەبووی داری بەرامبەر دیوەکەم
کە بۆتە هێلانەی ژیانی سمۆرەی دڵخۆش بە ژین،
لە بیری پڕلە هەوڵی مرۆڤ،
لە دەنگی مۆسیقای خۆشەویستی،
لە گۆرانی سروشت،
لە بیری ژیانێکی ماوەیی.

## دیلی دەستی دیل

ڕەنگەکانی ڕیشاڵ ڕیشاڵ کردبوو، هەر یەک لە ئاواتەکانی بە یەکێ لەو تاڵە ڕەنگیانە دەسپارد و جارجارەش پێکەوە گرێی دەدان. تەقە تەقێک بیری ژیان و ڕەنگاوڕەنگیەکەی لێ دەپچڕاند. نەڕە و هەرای دەسهەڵاتدار بیرە جوانەکانی چاوترسێن دەکرد، دڵی پڕ لە هیوای هەموو جارێ ڕادەچڵەکا و ئاواتە ڕەنگیەکانی لە بەر چاوی دەبوون بە سێبەری ترس و گێژەڵووکەی ژان. قامکەکانی لە نێو تاڵی ڕەنگەکاندا خۆشەویستیان جێدەهێشت تا ئەوەی کە دوایین جار، تاڵی ڕەنگی ئاواتەکانی بێڕەنگ کران و قامکەکانی دوورخرانەوە و بۆ هەمیشە بیریان بە یەخسیر گرت و بێبەزەیی داهاتوویان لێ بە دیل گرت.

**چاپەنووس**

کاتێک چاو نەبینێ،
هەست بڕستی نەبێ،
زام ژانی نەبێ،
بیر بڕنەکا،
ڕابردووش داهاتووی نابێ.

## بڕیار

بەرەو ئاسۆ دەڕۆن،
بەرەو بەرزایی کێوەکان وەڕێ کەوتوون.
کۆترە باڵ شکاوەکان
بڕیاریان داوە،
لەو بەری کێوەکان،
ئەو جێیەی ئەستێرە تروسکە تروسکیانە
ئالآی ولآتی سەهۆڵ و ئاگر
لە نێو دەریای فرمێسکەکاندا بخنکێنن.
بەرەو ئاسۆ دەڕۆن،
کۆترە باڵشکاوەکان.

## نادیار

بە شوێنیدا دەگەڕام لە بێدەنگیەکاندا،
هەرای زەمان تێکی دابوو.
لە نێو لاپەڕە سپییەکان، ڕەشەکانی سپی.
لە نێو مێژووی مرۆوە ناودارەکان، بایەخەکانی ونکراو.
نێوچاوانی ئاسمانیش هیچی لێ نەنووسرابوو.
دنیا ڕەنگی دەگۆڕی،
سێبەرەکان بێدەنگ نەبوون.
بیرە کۆنە تاقەکان ببوون بە تراویلکە.
ماناکان لەبەر شۆقی ئەستێرەکان گریان دەگرت.
مۆسیقای چەرخێکی کۆنیش، دڵی پیرێکی دەهەژاند.
ئەسپێکی سپیش لە بەرزایی شاخێکەوە،
چاوی لە شۆڕەسوار بڕیبوو.
بە شوێنیدا دەگەڕام.
چەندەها ڕۆژ و کاتژمێر بەر لە ئێستا،
دڵی پیرەش بە شوێنیدا وێڵبوو.
زۆر ڕووناکی و تاریکی بەر لە ئێستا،
شۆڕەسواریش بێدەنگی ئەوی بە دەم بای کۆسارەکان ئەسپاردبوو.

**بڕیار وابێ**

بڕیار وابێ، خەبەریان کەم،
هەرچی وشەی سەر زەویە کۆیکەنەوە،
دەیخەمە ناو تێنووسێکو
هاوارێکی پێ سازبکەم، نەبڕێتەوە.
بڕیار وابێ، پێیان بڵێم
هەرچی شەو دێت،
لە بەر دەرکەی ئەوانەی وا بە فرمێسکی منداڵ خۆشن،
وەکوو گورگی دەمەو مردن بلوورێنن.
ئەگەر نەبوو،
هەرایەکی وا ساز بکەم،
کەس وشەشی بۆ نەمێنێ.
بڕیار وابێ، پێیان بڵێم،
هەرچی وشەی ئەم دنیایە کۆ کەنەوە،
لەناو دیوەخانێکی خەن، درگاکەشی گاڵە بدەن،
تاکوو کەسێک قسە نەکا،
تاکوو دەنگێکیش نەمێنێ.
بڕیار وابێ،
هەرایەکی وا ساز بکەم،
چوونکە دەنگێک ئیدی نابێ،
قسەیەکیش ئیدی ناکرێ
بڕیار وابێ ...!

## نهێنی

ئەو پێی وابوو تاری دەستی
ئازاری دڵی پڕتاسەی دەدرکێنێ،
بەڵام ئاگای لێ نەبوو کە
پەنجەی نائارامی دەستی،
تاری دڵی منی دەژاند،
هەموو نهێنیەکانمی لێم دەخرۆشاند،
خەم و کۆڵی لە مێژساڵەی لێمی درکاند.
کاتێک ئاوازەکەی دەخوێند،
ئاوازێک بوو زۆر تەماوی،
لاوژەیەکی پڕجودایی،
سەرگوڕەشتەی ئەوینێکی نامۆی زانی
کە چەند ساڵ بوو،
دڵم ببووە پارێزگاری.

## له مێژه

وشەکان لە مێژه لە ژوورەکەی ناو دڵیاندا
زنجیرکراون و
خۆشەویستی دەخنکێندرێ!
زۆر لە مێژ بوو،
هەر ئەو کاتەی لێوەکان زەردەخەنەیان لە سەر بوو
بیرەکان بە یەخسیر گیران،
وشەکان کران بە ئاور،
پێکەنینەکان ڕفێندران.
هەر ئەو مایەوە و
ئاسمانی بێئەستێره و
ئەرزی بێشینایی و
تاڤگەی بێئاو!

## شەختە لێی داوین

داوەتی مەرگە، شەختە لێی داوین
شەختەی ترس و دوودڵی وبێدەنگی.
لەو لا وەرزی خۆبەختکردنە،
لەم لا وەرزی ملکزیە،
سەرشۆڕیە،
خۆفرۆشتن.
کەمانچەیەک بۆتە خەنجەر
لە پشتی کەمانچەژن ڕۆدەچێ و
ئاهەنگی نەمانی ئەو لێدەدا.
شەختەی خوێنە،
بێورەیی،
خۆ لەبیرکردن.
شەختەی بیرە،
شەختە لێی داوین.

## چیرۆک بۆ گەوران

که منداڵین،
چیرۆکی شاری خەیاڵی و
ئەفسانەی جوان
ڕاستی ژینمان لێ ون دەکا!
که گەورەشین،
چیرۆکی داهێنەر و
باخ و شاری پڕ لە بەهار
لە گەڵ ئاوری بێبەزەیی.
ئەوەش چیرۆک بۆ گەورانە.
زۆر گەورە هەن،
بیر و فیکریان یەخسیری دنیای چیرۆکە
زۆر منداڵیش،
وریایانە
بە چیرۆکان پێدەکەنن!

## نێچیرێکی ڕاوچی

من وامدەزانی
لە لێرەواری پڕ لە مرۆڤی
هاواڵی جڕ و جانەوەرانی گەردەلوولەکەی سامناکی ژینا،
ڕاوچی نێچیرم
بەڵام ئێستاکە، دەبینم خۆمم
دیل و نێچیرم
بە دەست و پەنجەی دڕەندەکانی و
بە بیر و هزری مرۆڤەکانی.

## دەردێکی بێدەنگ

دارێکیان چاند بە تەنیایی
لە دەشتێکی فراواندا
پاش چەند ڕۆژێک ئیشک هەڵات.
کێوێکیان دی بە تەنیایی
لە هەردێکی پان و پۆڕا
بە یەکجاری لە بەر یەک هات.
خەمێکیان برد بە تەنیایی
لە ناو دڵی بێکەسێکدا
دایانچەقاند،
کەچی دیتیان
دڵی ئەوی بە تەنیایی
کردە مەکۆی دەرد و داخان
هەر لە پەستاش پەرەی دەساند.

## کۆن

دوو شت ماندوون، ڕابردوو و مێژوو! ڕابردوو، تۆزی مێژوو ناتوانێ لە خۆی دووربکاتەوە، مێژووش چاوەڕێی ڕابردووی نوێیە!

## زێدە خۆشەویستەکەم

من نازانم،
گەر زەمانێک دەرفەتم دەن
برینەکانت ببەستم،
چ هەتوانێک ببینمەوە؟
کامە گوندی سەر بەتەمت بژێنمەوە؟
شاباڵی خوێنی کام هەڵۆت ببەستمەوە؟
کامە هۆزی بێماڵ و جێت،
بەرەو ئەتۆ بهێنمەوە؟
لە کام شوێن و لە کام مەڵبەند
بەشوێن ڕۆڵەی ئەنفالکراو بخولێمەوە؟
دەم و چاوی کامە هەتیو و بێ‌نازت
بە فرمێسکی کامە دایکی دڵ بە زامت بشۆمەوە؟
کامە کۆرپەی دەم بە گریان
بە لای لایە لە باوەشم ژیرکەمەوە؟
دڵسووتاوانی کام مەڵبەند
کامە خەم و کام کوت و بەند
بە کام لاوک و ستران
لە یاد و بیریان بەرمەوە؟
کامە هەڵودەدا و ئاوارەت
لە کام وڵات بدۆزمەوە و
هەواڵی ڕزگاربوونی تۆ
بە کام وشە و کامە ڕستە بگێڕمەوە؟

من نازانم،
شلێرەکانی سەر گڵکۆی
کام ڕێبەر و کام پێشەوات،
کام شەهید و کام مامۆستات
بە ئاوی کامە ڕووبارت ئاودەمەوە؟

کام سەرهەڵدان،
هی کام شێخ سەعید و سمکۆ
کێهە قازی و کام دڵ بەسۆ،
بۆ لاوانت بگێڕمەوە؟
کام چیرۆکی ئازایەتی و
بەسەرهاتی کام جوامێری،
کامە ڕۆڵەی شاخ و چیات
لە ناو مێژوو بنووسمەوە؟
دەرکەی کامە بەندیخانە بلەرزێنم،
کام ئازایی و خۆڕاگری لاوەکانت بدرکێنم و
هۆنراوەیەک پڕ دڵۆپی فرمێسک و خوێن بهۆنمەوە؟

من نازانم،
چیرۆکی پێنووس شکانی
کامە زانا و فەیلەسووفت،
شەوەزەنگی پڕکەسەری
کامە گیان بەختکردووت
بە کام لاوژە و کامە حەیران بلێمەوە؟
کام لاپەڕەی ژین و خەمت،
مێژووی پڕ لە خوێن و تەمت،
مێژووی ئێستاکەی سەردەمت هەڵدەمەوە؟
کامە زۆڵم و کامە ئازار،
کامە مافی پێشێلکراو،
کامە خاکی زەوتکراو
وەبیری هەموان بێنمەوە؟
هاوار بۆ کام لا بەرزکەم،
هاواری پیرۆزی خنکاو،
هاوارە ساواکەی فەوتاو،
هاوار بۆ ژین، بۆ بوون و مان،
هاواری گرگرتووی زەمان
وەبیری کێ بهێنمەوە؟
تاسە و سۆزی کام هەژارت،
لێو بە باری کام نزارت
لە سۆی ئەتۆ بژێنمەوە؟

من نازانم،
وەها ڕۆژێک من دەبینم،
یان ئەوەی کە
لە پێناوی ڕزگاری تۆ، دڵ بەهیوا دەمێنمەوە؟
خۆ گەر بێتوو
بە سەربەستی نەشتبینم،
هەموو هیوام دەنووسمەوە
تا ڕۆڵەکانی داهاتوو،
لە سەر بێشکەی ڕزگاری تۆ
بە لایەلایەی ڕابردوو،
ڕۆڵەکانیان ڕاژێننەوە!